# راگەیاندنی کۆتایی پلنیۆمی هەژدەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

رۆژانی 3و4ی نیسانی 2006 بە بەشداری زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیو هەیئەتێك لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران– حیکمەتیست کە پێکهاتبوو لە هاورێیان رەحمانی حوسێنزادە– یاریدەدەری لیدەری حیزب، محەمەدی راستیو محەمەدی جەعفەری ئەندامانی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی حزبی حیکمەتیست، پلنیۆمی هەژدەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بەرێوەچوو.
پلنیۆم بەڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ رێزلێنان لەیادی هاوڕێیانی گیانبەختکردوو سرودی ئەنتەرناسیۆنال دەستی پێکرد.
دوای خستنەرووی راپۆرتی کارو هەلسورانی حیزب لە ماوەی نیوان پلنیۆمی 17 تا پلنیۆمی 18 لە مەیدانە جیاجیاکاندا، پلنیۆم چووە سەر باسی هەلومەرجی سیاسی ئەمڕۆی عێراقو جێوشوێنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری. لەم باسەدا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە هەر بەوجۆرەی پێشبینی دەکرا کۆمەلگای عیراق بە کردەوە خراوەتە نیو جەنگیکی ناوخۆیی خەتەرناکەوە. وە ئەم جەنگە ماڵویرانکەرەی کە ئیستا لە قالبی شەڕی تائیفیدا بەرێوەدەچیت، بە درێژەی ئەو رەوندە سیاسیە لەقەڵەمدا کە بە جەنگو داگیرکاری دەستی پێکردو دواتریش لەئەنجامی کارکردو سیاسەتی ئەمەریکاو حیزبو هێزە ئیسلامیو قەومیەیەکان تا هاتووە قووڵو قووڵتر بووەتەوە. هەر لەمیانەی ئەم باسەدا پەنجە خرایە سەر مەسەلەی نەبوونی ئەمنیەت وەك سەرەکیترین کێشەی کۆمەڵگای عێراق. بەم پێیەش هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئەمنیەت وەکو سەرەکیترین ئەرکو ئەولەویەتی حزب جەختی لەسەر کرا. لەم بارەیەوە پلنیۆم بە توندی پیداگری لەسەر ئەوە کردەوە کە کۆنگرەی ئازادی عیراق ئامرازێکی کارایە کە دەبی بۆ رووبەرووبونەوەی وەزعی ئیستا بە هەموو تواناوە بەهیزبکرێت، هەروەها پلنیۆم بەتوندی لە پشتی بریاری کۆنگرەی ئازادی عیراق بۆ سازماندانی چەکدارانەی جەماوەر بە مەبەستی بەگری لە ئەمنیەتو مافو ئیرادەی خۆیان، راوەستاو پشتیوانی هەمەلایەنەی لە پێکهێنانی ئەم هێزە دەربڕی.
لە درێژەی باسەکانیدا پلنیۆم چووە سەر باسی هەلومەرجی سیاسی کوردستانو ئەرکەکانی حزب لەبەرامبەر ئەم هەلومەرجەو هەردوو مەسەلەی سەرەکی جیابوونەوەی کوردستانو ناڕەزایەتیە جەماوەریو رادیکاڵەکانی ئەم دواییەی خەڵکی لە کوردستان. پلنیۆم دوای قسەوباسی تێرو تەسەل لەسەر ئەم مەسەلانە، مەکتەبی سیاسی راسپارد کە لەسەر بنەمای ئەم باسانە نەخشەکاری دەورەی داهاتووی حزب لە کوردستان دابڕێژێ.
بەندێکی دیکەی بەرنامەکاری پلنیۆم مەسەلەی ئارایشی رابەریی حزب بوو. لە ئەنجامی ئەم باسەدا کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری لەسەر ئارایشێکی تازەی رابەریی دا بۆ هەرچی دەخالەتی زیاتری بەکۆمەلی رابەریو دابینکردنی تەمەرکوزی رابەری لە عیراقدا کە بگونجێت لەگەڵ فراوانبوونەوەی مەیدانەکانی کارو هەڵسووڕانی حزب و هاتنەپێشەوەو خستنەگەڕی وزەو توانایەکی زیاتری رابەریی بۆ راگەیشتن بە کارو ئەولەوییەتەکانی حزب لە جەرگەی هەلومەرجێی تازەو ئاڵۆزی عێراقدا. جێگەی باسە کە لەپلنیۆمی پێشووشدا مەسەلەی گۆڕینی ئارایشی رابەرییەی حزب لەلایەن هاوڕێ رێبوار ئەحمەدەوە تەرح کراو باسی پێویستییەکەی کرا، وە سەرەنجام لەم پلنیۆمەدا ئەم مەسەلەیە یەکلاکرایەوەو پەسەندکرا. بەپێی ئەم تەرحە لەماوەی نێوان دوو پلنیۆمدا مەکتەبی سیاسی هەم سیاسەت دارێژەرو هەم جێبەجێکەری ئەم سیاسەتانە دەبێت. بۆ ئەم مەبەستە دەستەیەکی کارگێریی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی مەکتەبی سیاسی لەنێو خۆیدا هەڵئەبژێرێ بۆ بەریوەبردنو راپەراندنی کارەکانیو بردنەپێشەوەی کاری رۆژانەی حزب. وە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی قسەکەری رەسمیی حیزب دەبێت. ئەرکی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی بریتی دەبێت لە نوێنەرایەتیکردنی پلنیۆمو کۆمیتەی ناوەندیو بانگەوازکردن بۆ پلنیۆمو چاودێریکردن بەسەر کارەکانی مەکتەبی سیاسیدا.
لەبەشی کۆتاییدا پلنیۆم چووە سەر بەندی هەڵبژاردن. سەرەتا پلنیۆم بۆ بەهێزکردنی مەیدانی هەڵسووڕانی مالیی حەوت کەس لە کادرانی هەڵسووڕاوی ئەم مەیدانەی وەکو ئەندامانی مشاوری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد کە بریتین لە هاوڕێیان: کامل ئەحمەد، جلال محمد، سوزان مجید، شێرزاد أحمد، مستەفا باهر، ئارام علی و عادل ئەحمەد. ئینجا پلنیۆم چووە سەر هەڵبژاردنی سکرتێرو مەکتەبی سیاسیو بەتێکڕای دەنگ هاوڕێ رێبوار ئەحمەدی وەك سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژاردو 21 کەسیشی بۆ ئەندامەتی لە مەکتەبی سیاسی حزب هەڵبژارد کە بریتین لە هاوڕێیان: رەعد سەلیم، ئازاد ئەحمەد، ئەمجەد غەفور، خەسرەو سایە، شەماڵ عەلی، سامان کەریم، موئەیەد ئەحمەد، فارس محمود، ینار محمد، زمناکۆ عزیز، فەلاح عەلوان، فالح مەگتوف، قاسم هادی، عبدالکریم عبدالسادە، سامی حسن، رحمان حوسێنزادە، فاتح شێخ، نادیە محمود، ئاسۆ کەمال، سمیر عادل، ریاز کاکەشین.
مەکتەبی سیاسی حزب لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیدا کە دەستبەجێ دوای پلنیۆم بەرپاکرا هاوڕێ ئەمجەد غەفوری بە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی هەڵبژاردو دەستەیەکی کارگێڕی بۆ راپەڕاندنی کارەکانی حزب هەڵبژارد کە پێکهاتوە لە هاوڕێیان: ئەمجەد غەفور، سەمیر عادل، موئەیەد ئەحمەد، زمناکۆ عزیز، فەلاح عەلوان، ئازاد ئەحمەد، ریاز کاکەشین، سامی حسن.

کۆمیتەی ناوەندیی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

2006/4/6